# بانگکرانی چەند کەس لە فەرهەنگیانی شاری سنە بۆ ئیدارەی ئیتلاعات

بە پێی هـەواڵی هەواڵـدەری موکوریـان، سـەرلەبەیانی ڕۆژی سـێ شـەممە ٢٥ی پووشپەڕ چوار کەس لە فەرهەنگیانی شاری سنە بە ناوەکانی: پەیمان نـەودینیان، ڕامین زەندنیا، حەیدەر زەمان و عەلی قوریشی، بـۆ بەشـی هـەواڵگری ئیـدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگ کران.

شایانی باسە ئەو کەسانە لە سەر کۆکردنەوەی ئیمزا و هەڵوێستی ئەو دواییانـەی ناوەندی صنفی مامۆستایانی کوردستان، سەبارەت بـە هـەل و مـەرجی فـەرزاد کەمانگر لێکۆڵینەوەیان لێ دەکرێ.